نێچیرڤان بارزانی: مەسیحییەکان پێکهاتەیەکی گرنگی سەنی کوردستانن

نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لێگەڵ مار ئەغناتیۆس ئەفرامی دووەم، پاتریارکی کەنیسەی سریانیی ئەرتەدۆکسی دووپاتی کردەوە، کوردستان بەبێ جیاوازی، نیشتمانی هەمووانە؛ هاوکات مار ئەغناتیۆس ئەفرامی دووەمیش، سوپاسی کوردستانی کرد کە لە کاتە سەختەکان و ئاواربوونی مەسیحییەکان، هاوکار و پشتیوان بوون.

بەپێی ڕاگەیەندراوی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان کەدستی موتەبع کوتووە بەاویکردەوە، پاشنیوەڕۆی ئەمڕۆ پێنجشەممە 16ـی تشرینی یەکەمی 2025، نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پێشوازیی لە مار ئەغناتیۆس ئەفرامی دووەم، پاتریارکی کەنیسەی سریانیی ئەرتەدۆکسی و شاندێکی یاوەری کرد کە لە ژمارەیەك لە مەتران و قەشە و پیاوانی ئایینیی کەنیسەکە لە سەرتاسەری جیهان، پێکهاتبوو.

لە دیدارەکدا پاتریارك و شاندی یاوەری، باسیان لە ئامانجی سەردانەکەیان بە هەرێمی کوردستان کرد کە بە کردنەوەی دوو کەنیسە بوو، یەکێکیان لە هەولێر و دووەمیان لە دهۆك. بە گوێرەی ڕاگەیەنراوەکە، لەم بارەیەوە سوپاسی هاوکاری و پشتگیریی هەرێمی کوردستانیان

بە کەمەڵگەی مەسیحی کرد بەتایبەتی لە کاتە سەختەکان و سەردەمی ئاوارەبوونی مەسیحییەکان و پێکهاتەکانی دیکە لە کاتی شەڕی دژی داعشدا، هەروەها ستایشی پێکەوەژیانی ئاشتییانەی نێوان پێکهاتەکانیان لە هەرێمی کوردستان کرد.

لای خۆیەوە نێچیرڤان بارزانی دووپاتی کردەوە، کوردستان بەبێ جیاوازی، نیشتمانێی هەمووانە و شانازی بە پێکەوەژیان دەکەن. هەروەها دڵنیای کردنەوە، هەرێمی کوردستان بەردەوام دەبێت لە برەوپێدان و فراوانکردن و پاراستنی کولتووری پێکەوەژیان و لێبووردەیی و فرەیی.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان گوتی: مەسیحییەکان پێکهاتەیەکی ڕەسەنی ئەم وڵاتەن و هەمووان پێکەوە لە ئەرك و مافەکاندا یەکسانن.

دڵخۆش کەنیسەکە و شوێنکەوتووانی لە هەرێمی کوردستان و عێراق و وڵاتانی جیهان، تەوەرێکی دیکەی دیدارەکە بوو.